

# مردن و هێماکانی لەناو قەسیدەیەکی جەمال غەمباردا

**ئاوات محەمەد**

دەکرێت بپرسن هۆکاری چییە مردن دەکرێتە بابەتی لێکدانەوە، لەکاتێکدا ئاماژەکانی بەردەوامی لای جەمال غەمبار زۆرترن، دیارە کۆمەڵێك هۆکاری بابەتیی هەن وادەکەن ئەم مەسەلەیە بکەینە سەنتەری لێکدانەوەی ئەو قەسیدەیە، کەمردن بەشێوەیەکی بەرچاو ئامادەیی هەیە، هەروەها ئاماژەکانی مردن سەراپای قەسیدەکەی داگیرکردووە، ئەمە جگە لەوەی جەمال مردنی لەزەمەنەوە بۆ شوێن گواستووەتەوە، واتە هەندێکجار رەهەندە هەمیشییەکەی لێداماڵیووە، کەدواتر لێکدانەوە بۆ ئەو ئاماژەییە دەکەین، کەچۆن وەك رەهەندێکی سەرەکی لەناو ئەم قسیدەیەدا جێگەی بووەتەوە، هەروەها وەك بەشێك لەیادەوەری دەستەجمەعی بووەتە خاوەنی رەهەندێکی شوێنی.

باسـەرەتا پێناسـەکانی مـردن وەربگـرین، بـەپێی فەرهـەنگی ناسـانی فەلـسەفی، کــە لەنووســینی جــیرار دوروزویو ئــەنریَ رۆســێڵە، مــردن وەك ئــەفلاتون وێنــای کــردووە وەك رزگــاربوون وایــە، کەرێگــە بــەخوود دەدات لەزیندانەکــەی جەســتە رزگــاری بێــت و چارەنووســی خــۆی بزانێــت، هــەر لێرەوەیــە ئــەفلاتون دەڵێــت فێربــوونی فەلــسەفە بریتییــە لــەفێربوونی چــۆنیەتی مــردن، هــەروەها ســپێنۆزا دەڵێـت: تێرامانــە لــەژیان، ئەمــە جگــە لــەوەی تێرامانــە لەدژەکــەی[1]، ئەمــە بــەرەو ئـەو تێڕوانینـە دەمانبـات کـەمردن بریتییـە لەچرکەسـاتی لێکدانـەوەی مانـای ژیانێـك لــەدەرەوەی جەســتە، وەك زۆرێــك لەفەلــسەفە ئایدیالیــستەکان کــاری لەســەر دەکـەن، هـەروەها بەشـێك لەفەلـسفەی میتافیزیکـا ئـەوەی کـار لەسـەر زەمەنییـەتی مـردن دەکـات هـەمان بروایـان هەیـە، بـەپێی لێکدانـەوەی عبـدولرەحمان بـەدەوی، نـەمری بریتییـە لەمانـەوەی پـاش مـردن، ئـەم مانەوەیـەش هەمیـشەییە نـەك کـاتییو بـۆ ماوەیـەکی دیـاریکراو، هـەروەها ئـەو کەسـە بەهـەمان ناسـنامەی جەوهەرییـەوە بمێنێتــەوە، وەك ئامانۆئێــل کانــت دەڵێــت: نــەمری نــەفس بریتییــە لەبــەردەوامی هــەبووی ئاقــڵو کەســایەتییەکەی بەبــەردەوامی ناکۆتــا[2]، هــەروەها وەك پێــشتر باسمـان کـرد ئـەفلاتوون پێیوایـە جەسـتە زینـدانی رۆح یـان نەفـسە بـەمردن لێـی رزگاردەبێـت، هـەموو ئەمانـە دەمانبنـەوە بـۆ ئـەوەی هەنـدێك لێکدانـەوە هەیـە بـۆ مەسـەلەی مـردن لـەناو ئەفرانـدنی ئەدەبیـدا بەڕەهەنـدە فـرە هێمـاو ئاماژەکـانی خوێندنـەوەی بـۆ بکـەین، ئایـا لـەبری مـردن پارچـە پارچـە بـوونی شـاعیر بـۆ چـەند دەقێکـی بەشـیی نـەمر پێـك ناهێنێـتو ئەوسـا بیـەوێت لـەوێوە جۆرێـك لەنـەمریی بـۆ خــۆی مــسۆگەر بکــات، ئایــا چ کاتێــك مــرۆڤ دەگاتــە ئــەوەی چــاوەڕێی رزگــاربوون لەرێگـەی مردنـی جەسـتەوە بکـات، وەك ئـەوەی ئـەفلاتوون یـان وەك لێکدانەوەکـەی کانـت، ئایـا غـەمبار لـەم قەسـیدەیەدا لـەم حاڵەتـە نزیـك کەوتووەتـەوە، یـان ئـەو مردنـی بـۆ کـاتێکی دیارکراو دەوێـتو دەیـەوێت بـۆ هەناسـەیەکیش بـووە بگەڕێتـەوە بـۆ شـوێنو نـەك بـۆ نـاو زەمـەن، کەهـەموو ململانێکـانی ژیـان لـەناو شـوێندا دەکرێـتو هــەموو کێشمەکێــشەکانی مــردنیش لــەناو زەمەنــدا، ئایــا جــەمال لەترســی ئــەو ســـەرمەدیەتەی زەمــــەن بـــەرەو شـــوێن دەگەڕێتـــەوە، یـــان ئـــەو دەیـــەوێت

بەتێکشکاندنی کۆمەڵێك لۆژیك بوونێکی نوێ بۆ خۆی مسۆگەر بکاتو بیەوێت جارێکی دیکە لەڕێگەی دووبارە نواندنەوەی خۆیە هەموو پێکهاتەو چێژو بەسەر بردنی کات لەناو پێگەیەکی دیاریکراودا بۆ خۆی بگەڕێنێتەوەو ئەو بەپێگەی نەمریی یان ناشوێنی نەمریی بچوێنێت، راستە ئەفراندنی دەق بەتایبەتی دەقی ئەندێشەیەی وابەستەی یاساو بنەما فەلسفییەکان نییە، بەڵام شتێك نییە بەتەواوەتی لەناو ناماقوڵیەتی خۆیدا گەمە بەشتو کاتو وشەو درکار هەستپێکراودا بکات، ئێمە لێرەدا چەندەها نیشانە یان ئامازەی جیاجیا لەناو کایەی فەلسەفیدا بەکار دەهێنین، بەڵام لەبەر کەمی دەرفەت ناتوانین لێکدانەوەی بۆ بکەین، بەڵام دەکرێت هەندێك ئامازەی کورتیان پێبدرێت، ئەگەرچی لەچواندن یان لێکدانەوەی مردندا شاعیر بۆ نەفس یان ئەندێشە وەك بەشێك لەکردەی هەستپێکردن گەڕاوەتەوەو لێکدانەوەی لەسەر شوێن بۆ مردن نەکردووە، ئەوەتا دەڵێت: (هەتا شینبوونی خەیاڵی شاعیرێك بەقامەتی گوناهەوە... هەتا شکانی بادەی ئەم گریانە... باگوڵەکانی سینەم لەگەڵ هەناسەکانی تۆدا بمرن/ ئەی تەنها) مردن لێرەدا تەنها لەگەڵ یادەوەریدا بەراورد دەکرێت، کەیادەوەری بەشێکە لەجەوهەر نەك جەستە، ئەمە جگە لەوەی ئەندێشە کاتێك شین دەبێت، مانایەکی ترە بۆ ئەوەی شاعیر لەدەرەوەی زەمەن لێکدانەوە بۆ مردنی خۆی دەکات، ئایا دەکرێت هەر یەکە لەئێمە لاوانەوە بۆ مردن بکەینو هەست بەقورسایی هاتنی نەکەین، ئایا مردن بۆ مرۆڤ جۆرێك نییە لەخۆپەرستی، تاکو بەنەریّ شاد بێتو کەلێنێك بخاتە ناو پەیوەندییە مرۆییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئایا لێرەدا شاعیر دەمانباتەوە بۆ لای خودی دابڕاوی خۆی یان ئەو دەیەوێت لەشوێنێکدا بمرێتو بۆ شوێنێکی تر بگەڕێتەوە، کەواتە دەکرێت بڵێین شاعیر چاوەڕێی دووبارەکردنەوەی کارەساتەکانی ژیانیەتی، نەك ئەوەی بیەوێت بەزەمەندا بۆ نازەمەن تێپەڕێت، ئەو دەیەوێت لەشوێنەوە تێپەڕێتو بۆ شوێن بگەڕێتەوە، واتە ئەو بەنیازی سەفەری پێچەوانەیە بەڵام کۆمەڵێك ئامازەی میتافیزیکانە لەپشتەوەی تێگەیشتنی شاعیر هەیە، بۆ ئەو لێکدانانەوەی بۆ خودی خۆیو خودی شتەکانی تری دەکات، ئەمەش بۆ خۆی

دەبێتە هۆکارێکی گرنگی داهێنان، ئەوەتا شاعیر لەدێڕێکدا دەیەوێت ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت شوێن یان ڕێڕەوی شوێن قابیلی رامرکردنە، ئەوەتا بەدرێژایی مێژوو ئاو جۆرێك بووە لەسەرکێشیو شوێنێکە بۆ شاردنەوەی نادیار، هەمیشە خواوەند عەرشی لەسەر ئاو بووە، جگە لەمانای پاکژبوونەوە بەشێك بووە لەو ترسەی مرۆڤ نەیتوانییوە تاکو ئێستاش بەتەواوەتی کەشفی هەموو نهێنیەکانی بکات، بەڵام غەمبار بەشێوەیەك مەئیوسە ئەوەتا دەڵێت: کێ بۆ یەکەمجار نەخشەی بەیانییە تەڕەکانی لەئێوارەکانی ئاسیا کردەوەو ئاوەکانیشی فێری ملکەچی کرد)، ئاو وەك هێزێکی نەوەستاو، وەك ئاماژەکانی گۆڕان، بەچ پێوەرێك بتوانرێت فێری ملکەچی بکرێت، دەبێت چ زوڵمێك ئەوەندە بەهێز بێت ئاو فێری ملکەچی بکات؟.

یەکێك لەو ئاماژانەی غەمبار والێدەکات مردن وەك ڕەهەندی فریادڕەس تەماشا بکات، هەروەها پەنا بۆ وشەگەلێك بەکاردەهێنێت کەپێشتر ئاشنایەتیمان لەگەڵیدا هەیە؟، ئایا بۆ ئەوەیە بمانخاتەوە بەردەم بێمروەتی خۆمان، یان بۆ ئەوەیە دڵنەوایی خۆی بداتەوە بەوەی گەمە بەهەندێك وشە دەکات، پڕیەتی لەیادەوەریی، ئەوەتا بەناوی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکەوە دەڵێت: (ئەو تووڕەیە لەوەی کەسێك ناپرسێت/ ئەرێ گوڵ هەیە بزانێت لەکوێ بەجێماوە دڵی ئەو/ بەخەرەندی چ خەمێکەوە هەڵدێراوە دڵی ئەو/ لەئاسمانی کام فیراقدا وەك مانگ گیراوە دڵی ئەو/ لەو ڕۆژەوە تۆراوە دڵی ئەو/ هەرچەند ئەگەڕێت بێسەرو شوێن ماوە دڵی ئەو)، ئەم مەسەلەیە وا لەشاعیر دەکات هەست بەو حاڵەتە بکات، بووەتە خاوەنی جۆرێك بێهودەیی لەمانەوەی لەناو ئەو کایەدا کەهەرچەند دەگەڕێت بێسەرو شوین ماوە دڵی ئەو، ئایا بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی نایاری تاك هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی شاعیر لەدەرەوەی بوون ئاماژەکانی خۆی لەشێوەی کۆددا بۆ ئێمە بنێرێت، یان ئەوەی هەست بکەین ئەوەی شاعیر قسەی لەگەڵ دەکات تەنها خودی خۆیەتی، بەڵام لەدوو شوێنو کاتی جیاوازدا، ئەم لێکدابڕانە وەك تەکنیکی شیعری بۆ ئێمە ئەوە دەگەیەنێت کەشاعیر چۆن دەیەوێت لەدەرەوەی خۆی بوونێکی جیاوازتر لەوەی خۆی تێدایە

بخولقێنێت، ئـەم كـارە دەمانباتـەوە بـۆ ئـەو لێكدانەوەیـەی كـاتی خـۆی بـۆ ناپێگـەیی پێگــەی خواوەنــد لەئەفــسانەكاندا دەكــرا، كەئـــەو بـــەنادیار بــاس لـــەبوونی خـــۆی دەكـات، تـاكو لەنـەمریی دانـەبڕێت، جـەمال غـەمبار لێـرەدا هـەوڵێكی لـەو شـێوەیەی هەیـە بـۆ راڤـەكردنی ئـەو حاڵەتانـەی لـەناو ئـەم كایـەدا هەیـە، ئەمـەش بـۆ خـۆی دەبێتـە هـۆی لێكنزیكبوونـەوەی ریتمـی میتـافیزیكی لـەڕیتمی فیزیكـی، بـەڵام ئایـا ئـەم كـارە هـەروا لـەناو هـەمان راسـتادا دەتوانێـت درێـژە بـەبوونی خـۆی بـدات؟، ئـەوەتا شـاعیر لـەپاش چـەند بڕگەیـەك بـەدوای ئـەو نەمرییـەدا دەگرێـت كەسـەرەتا كـەمێك باسمــان كـرد، دەڵێـت: (حــەز دەكـات دوا هەناسـە بنوسـێت و/ حــەزدەكات دوای نەسـووتان لـەدۆزەخی ئـەم شـیعرەدا ئەوەنـدە ئـازاد بێـت/ ئاسمـان هـی ئـەو بێـت/ ئــیتر ئەوەنــدە سـیزیف نــەبێت/... گەیــشتن بەناشــوێن لــەبواری گەیــشتن بـــەئاسمان تـــەنها لـــەو حاڵـــەدا شـــیاوە كەئـــەفلاتوون ئامـــاژەی پێـــداوە ئـــەویش رزگـاربوونی نەفـسە لەزینـدانی جەسـتە، بـەڵام ئایـا ئـەو دەتوانێـت ئاسمـان بكـات بـەموڵكی خـۆی یـان لانیكـەم هـی ئـەو بێت، بـەو شـێوە موتڵقـەی شـاعیر باسـی لێـوە دەكـات؟، بابێنـەوە سـەر لێكدانـەوەی ئـەم رسـتانە لـەژێر رۆشـنایی لێكدانـەوەمان بـۆ مــردن، وەك منـــاحیم رۆس دەڵێـــت: مـــردن بریتییـــە لــــەگۆڕان نــــەك لەناوچـــوون، دۆنـــادۆن هـــەوڵی كۆتوبەنـــدكردنی دەســـەڵاتی تێكـشێنەرانەی مـــردن بكـــات، لەگـــەڵ ئـــەوەی مـــردوو ونـــدەبێت، بـــەڵام ئـــەو هـــەر ئامادەیـــە، كەواتـــە مـــردن دابـــڕان نییـــە لـــەژیان بـــەڵكو بەردەوامیـــەتی ئـــەوە، بـــەڵام لەئاســـتێكی تـــردا، لەئاســـتی نێگـــەتیڤی كۆمەڵایـــەتی، بـــەڵام ئـــەم بەردەوامیەتییـــە رەهـــا نییـــە، كەواتـــە مـــردن بریتییـــە لـــەژیانێكی دۆڕاو یـــان ئـــەوەی بـــەخراپی ئـــەو گەمەیـــە كرابێـــت[٣]، هـــەموو ســـەرنجی غـەمبار لـەم قەسـیدەیەدا ئەوەیـە لەسـەر هـەردوو حاڵەتـە گەمـەی شـاعیربوون یـان داهێنـــانی ئامـــاژەو ئاراســـتە شـــیعرییەكانی دەكـــات، ئـــەوەتا لـــەكۆی قەســـیدەكە شـاعیر هەسـتدەكات خـراپ گەمـەی كـردووە بۆیـە ژیـانی دۆڕانـدووە، یـان دەتـوانین بڵـێین ئـەو خـراپ گەمەكردنـە بریتییـە لـەوەی بەبەرائەتـەوە گەمـە كـراوە، كـە رۆژگـاری ئـەمڕۆ رۆژگارێـك نییـە بـەو بەرائەتـەوە گەمـە لەگـەڵ ژیانـدا بكرێـت، هـەروەها ئەمـەش وایكـردووە لـەناو كایەیەكـدا بـژی كەلـەناو كایـە كۆمەڵایەتییەكـەدا

بەنێگەتیڤ ناسراوە، کەئەو نەگەتیفیەتە بۆ خۆی دیوە ئیستاتیکیەتەکەی ژیانە، بەڵام ئیستاتیکا لەناو زەمەنی بازرگانیدا وەك جۆرێك لەگەمژەیی وایە، هەروەها کاتێك دەمانەوێت دیالۆگ لەخواستەیەك بکەین، کەئەویش دیالۆگکردنە لەگەڵ مردن، یان شیاویەتی مردن لەبەرامبەر ژیاندا، کەئەم ژیانی نەداوەتە دەست کەسێکی تر، ئەو بڕوای وایە مرۆڤ دەمرێت، بەڵام لەلاوە بڕوای بەوە هەیە سروشت هەر بەردەوام دەبێتو لەخولگەی خۆیدا کایەی خۆی دەکاتو خولەکەی نویێ دەکاتەوە، ئەوەتا مرۆڤ لەم سەردەمە جەنجاڵەدا ئەوەندەی بەلایەوە گرنگە هاوسەنگییەکانی سروشت تێکنەچێت، ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نییە رۆژانە چەند مرۆڤ دەمرن، مەسەلەی پیسبوونی ژینگە یەکێکە لەمەسەلە هەرە گرنگەکانی ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی، لەبەرئەوە هەموو ئەو ئاماژانەی مردن کەدەکەونە دەرەوەی مرۆڤ و رووبەڕوی ژینگە دەبێتەوە، لەلایەن مرۆڤەوە بەمەترسی گەورە دادەنرێت، هەروەها لەم دەقەشدا ئەوەندەی مردن ئامادەیی هەیە، ئەوەندە مردنی سروشت کایەی لەگەڵ ناکرێت، ئەو دواجار دەیەوێت لەناو خودی خۆیدا شوێنێك بۆ دۆزینەوەی ماناکانی ئەودیو وشە بدۆزێتەوە، ئەوەتا شاعیر خەمیەتی باخچە بیێ سێبەر بێت، چونکە دەزانێت ونکردنی سێبەر بۆ باخچە وەك ونکردنی خودی سروشت وایە بۆ شوێن، سێبەر بەشێکە لەکایەی فیزیك، نەك رۆح، ئەوەتا مرۆڤ بۆ ئەوەی ئومێدی هەبێت هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ وشە لەبەرئەوەی بەپێی زۆرێك لەمیتۆلۆژیەکان بوون لەسەرەتاوە وشە بووە، هەر لەبەرئەوەیە زۆرێك لەئایینە گەورەکان سەرەتا بەوشە دەسپێدەکات، غەمباریش خەریکی کۆکردنەوەی ئەو وشانەیە کەدەیگەێنن بەقیامەت، واتە ئەو رۆژەی هەموو مردووەکان هەڵدەستنەوە، دەبێت لەو شوێنەکاتییەدا وشە رۆڵی خۆی هەبێت، ئەگەرنا خۆ لەخۆڕاو بەبیێ هیچ بنەمایەك شاعیر خەریکی کۆکردنەوەی ئەو قسانە نییە، کەدەیگەێنن بەو رۆژە، ئەم قسانە لەکاتێکی شلۆقدا کۆدەکاتەوە، غەمبار دەڵێت: (هەموو رۆژێك لەغەریبی خۆی هەڵئەنوێتو ئەکەوێت بەسەر مردندا)، لێرەدا مردن ئەگەر لەناو راستای زماندا تەماشای بکەین وەك پێگەیەکی شوێنیی لێدێت، بەڵام ئەگەر وەك

مەدلولێکی شیعری تەماشای بکەین ئەوا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای خودی مردن، کەوەك بەردەوامیەتی ژیان لەدوای رزگاربوونی نەفس لەجەستە وایە، ئەم لێکدانەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی سستمی سروشت وەك خۆی دەوەرەی خۆی بکات، ئەگەرنا بۆ مرۆڤ لەغەریبی خۆی هەڵئەنوێتو دەکەوێت بەسەر مردنی خۆیدا.

یەکێك لەهەرە برگە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم قەسیدەیە لەو کاتەدایە کەشاعیر لەگەڵ کلارا ئەو ناوەی لەزۆرێك لەشیعرەکانی جەمال وەك ئاماژە بەعەشقێك دووبارە دەبێتەوە، کەدرکاندنی ئاسان نەبێت، کلارا دەکەوێتە دەرەوەی دەق، وەك چۆن لای زۆر شاعر یان چیرۆکنووس ناوێك هەیە دووبارە دەبێتەوە، کەهەریەکەیان ئاماژەن بۆ نادیار، واتە لەغەریبیدا دەبێتە یادەوەریی‌و درێژە بەهەبوونی خۆی نەك بوونی دەدات، ئەوەی دەمانەوێت بەتەواوەتی لەسەری هەڵوەستە بکەین‌و مردن بەتەواوەتی لەو دەقەدا بەرجەستە دەکاتو پێویستمان بەلێکدانەوەی تایبەتە بۆ تێگەیشتن لەچەمکی مردن، ئەو چەند برگەیەی قەسیدەکەیە بەتەواوەتی ئەو ئاماژەیەی تێدا بەرجەستە دەبێت، ئەوەی سەرەتا وتمان مردن لەشوێن‌و نەمری لەشوێن، نەك لەکاتدا، لێرەدا باسی لێوە دەکەین، گومانی تێدا نییە دڵەڕاوکێی مردن دڵەڕاوکێیەکی تاکەکەسییە، بەڵام لەڕاستایەکی دەستەجەمعیدا خۆی بەرجەستەدەکاتەوە، بەڵام ئەم دڵەڕاوکێیە ئەوەیە دەبێت مرۆڤ خۆی لەگەڵدا رابهێنێتو بەدوای چارەسەرە تایبەتەکانی خۆیدا بگەڕێت، وەك وتمان مرۆڤ دەمرێت بەڵام سروشت هەر بەردەوام دەبێت، هەروەها ڤۆلتێر مانایەکی تر بەنەمریی دەداتو دەڵێت: هەموو شتێك لەناودەچێت تەنها هونەر نەبێت بەنەمریی دەمێنێتەوە(٤)، بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەنتی کلیماکۆسدا بڵێین بەدبینی‌و بێزاریی بریتین لەنەخۆشیی رۆح‌و نەفس‌و کەینونەکەی، کەواتە دەبێتە سێکوچکەیەك، بێزارییەك لەوەوی مرۆڤ ناهوشیارە بەخودی خۆی، ئەمیان بێزارییەکی ناڕاستە)، هەروەها بێزاری کەنایەوێت خودی ئەو بێت، یان ئەو بێزارییەی دەیەوێت خودی خۆی بێت، مرۆڤ رۆحە، بەڵام رۆح چییە؟ رۆح بریتییە لەنەفس، ئەی نەفس چییە؟ بریتییە لەپەیوەندی جمکیانە

لەگـەڵ خـودی خـۆی، جەوهــەری ئـەم پەیوەندییــەش یەکانگیربوونــە لەگــەڵ خــودی خــۆی، نــەفس پەیوەنــدی نییــە، بــەڵکو دیــاردەی خۆگونجاندنــە لەگــەڵ پەیوەنــدی بــەخودەوە، مــرۆڤ لێــرەدا پێکهاتــەی کۆتــایی‌و ناکۆتایــە، هــەروەها زەمەنیــەت‌و هەمیـشەیی‌و ئـازادی‌و پێویـستییە(٥)، دەکرێـت بـەپێی ئـەم تێگەیـشتنە بـۆ ئـازادیی‌و شــوێن‌و هەمیــشەیی لــەو چــەند دێــڕەی جــەمال غــەمبار بگــەین، کــەدەڵێت: (بەهــەمووان دەڵێــت مــن لای کـلاراوە هاتوومەتــەوە/ لــەمردنێکی چــۆڵ دەگــەڕێم/ ئـەریٚ کـەس مردنێکـی چۆڵ شـك نابـات بـۆ کـریٚ/ ئـەری مردوویـەك بێـزار نییـە لـەگۆڕو مــەرگ‌و حیکایەتــەکانی خــۆی/ تابیانبەخـشێت بەئێمــە)، ئــەوەی وتمــان مــردن لــەناو زەمەنـدا روودەدات‌و بـۆ نازەمـەن بـۆ هەمیـشەیی‌و ئەبـەدەیت دەچـێت، لێـرەدا مـردن بـۆ شـوێن دەگەڕێتــەوە، بـۆ شـوێنێکی کـاتی، واتــە ئـەو سیفەتەی پێـشتر ئاماژەمـان پێــدا بــۆ هەمیــشەبوونی مــردن لای جــەمال لادەچــێت‌و کرێنــشینییەکی مــەرگاوی جێگــەی دەگرێتــەوە، ئـەو دەیـەوێت لەبێزاریـدا بـۆ ماوەیـەك مردنێـك بـەکریٚ بگرێـت تائـەو حاڵەتـەی تێپـەڕ دەبێـت، کەتێپـەڕبوو یـان چـۆڵی بکـات یـان بیداتــەوە بـەمن بــەکریٚ، بــۆ ئــەوەی باشــتر لــەبێزاریی بگــەین دەچـینەوە لای هــەمان نووســەری پێـشتر باسـی مـەرگی بـۆ کـردین واتـە کلیمـاکۆس ئـەویش دەپرسـێت، ئایـا بێزاریـی دەسـتکەوتە یــان ونکــردن؟ بــەمانا دیالێکتیکیەکــەی هــەم یەکەمــەو هــەم دووەم، ئەگـەر مـرۆڤ بیـەوێت فکـرەی بێزاریـی بێتـە دەسـت‌و بەبێئـەوەی بـیر لـەمرۆڤی بێـزار بکاتــەوە، ئــەوا ئــەمیان دەســتکەوتێکی گەورەیــە، بــەڵام بێزاریــی بەمانایــەکی تــر بریتییـە لەنەخۆشـی هـەتا مـردن، دیـارە نەخۆشـی تـامردن وتەزایـەکی مەسـیحیانەیە کــاتی خــۆی بــۆ ئــەو کردەیــەی مەسـیح بــەکاردەهێنرا کەمەیـسح دەیتــوانی مــردوو زینــدوو بکاتــەوەو ئومێــدێك بــەمردن بداتــەوە، کــەدەکرێت لەناشــوێن‌و لــەدەرەوەی زەمــەنی فیزیکــی ئێمــەدا بــوونیکی تــری هــەبێت: (ئــاوات) بــەڵام بێــزاری بریتییــە لــەداڕمانی پەیوەنــدی ئــاڵۆزی خــود بــەخودی خۆیــەوە(٦)، کەواتــە ئــەو مردنــەی جـەمال غـەمبار باسـی لێـوە دەکـات، هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی ئێمـە لەتاروگـەیی جـەمال تێبگــەین، نــەك ئــەوەی مــردن لای ئــەو رەهەنــدە جەنائیزیــەی هــەبێت کەلــەناو میتۆلۆژیــای مردنــدا ئامــاژەی پێــدەکرێت، وەك وتمــان ئــەو نایــەوێت نــەفس لــەناو

زینـدانی جەسـتە رزگـار بکـات، ئـەو دەیـەوێت بـۆ ماوەیـەکی کـاتی لەشـوێنەوە بـۆ شـوێن خـۆی بگوازێتـەوەو دواتـریش لەشـوێنەوە بـۆ شـوێنێکی تـر بگوازرێـتەوە، وەك لـەکۆتایی قەسـیدەکەدا دەڵێـت ئـەم شـیعرە بەئامانـەت لێـرەدا نێـژراوە، بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا جێگـەی ئاماژەیـە ئەوەیـە غـەمبار لەگـەڵ لایـەنێکی ئـەم پێناسـانەی نوسـەری پێـشوومان‌دا یەکبگرێتـەوە کـەدەڵێت لـەتوانای مرۆڤـدا هەیـە بـەهۆی بێزارییـەوە بمرێـت، وەك چـۆن بـەهۆی نەخۆشـیەوە دەمرێـت، لەوانەیـە لـەو حاڵەتەشـدا بگاتـە نـەمری، واتـە بەهـەمان پێـوەری نەخۆشـی دەمرێـت واتـە تـەنها جەسـتەی دەمرێـت، بـەڵام مـردن بـەهۆی بێزارییـەوە ئـاڵووێر دەکـاتو دەبێتـەوە بـەژیان، لەبەرئـەوە بێـزار ناتوانێـت بمرێـت(٧)، هـەر ئەمەیـە وایکـردووە غـەمبار لـەوە دڵنیـا بێـت هـەر دەبێـت بـەدوای مردنێکـی چـۆڵدا بگـەڕێت بـۆ ئـەوەی بـەکرێ بیگرێـت، دەکرێـت خوێندنەوەیـەکی کۆمەڵایەتییانـەش بـۆ ئـەم رسـتانە بکـەین، بـەوەی مـردن چـواندنیەتی بـەو واقعـە کۆمەڵایەتییـەی لای خۆمـان، هەمیـشە قـەیرانی خـانوو هەمەیـشە هـەمووانی لەبـەردەم کرێنـشینیدا راگرتـووە، تەنانـەت هەسـت بکـەین لەگۆڕیـشدا هـەر کرێـچی بـین، بـەڵام ئـەمیان لـەناو ئـەم لێکدانـەوەی ئێمـەدا جێگـەی نابێتـەوە، کـەدەکرێت لـەکاتێکی تـردا لـەناو رسـتای پێکهاتـە کۆمەڵایەتییەکانـدا ئـەم خوێندنەوەی بۆ بکەین.

چ ئەسـتەمە مـرۆڤ ئەوەنـدە خولیـای مـردن بێـت کەبـەکرێش بێـت بیگرێـت، یـان ئەوەنـدە تامـەزرۆی مـردن بێـت داوا لەمردوویـەك بکـات کەلەگۆڕەکـەی خـۆی بێـزار بـووە بیداتـە ئـەم، ئـەم لێکدانەوەیـە ئـەوەی پێـشووترمان دێنێتـەوە بـیر کەباسـی لـەدووبارە بوونـەوەی نـەمریی لـەناو راسـتای زەمەنـدا دەکـرد، بـەڵام جـەمال بەشـێوەیەکی سـەیر لـەم تێگەیـشتنە بادەداتـەوەو دێـت لەشـوێندا مـەرگ دەچێنێت، کەئـەویش مـەرگی جەسـتەیە لـەناو پێکهاتـە خۆڵەکەیـدا، واتـە ئـەو مـردن بـۆ مـاددەی سـەرەکی دەگێڕێتـەوە، نـەك بـۆ هیۆلیتیـەی نـەفس کەلەنازەمەنـدا بـەدوای بـەردەوامیو نـەمری خۆیـدا دەگـەڕێت. باخوێندنەوەیـەك بـۆ مـردن لـەناو کایـە کۆمەڵایەتییەکەیـدا بکـەین، مەبەسـتمان بـوونی مردنـە بەپەیوەسـت بـەوانی تـرەوە، مـردن ئـەو هەسـتە دژوارەمـان لا دروسـت ناکـات تـاکو نەبێتـە پەیوەنـدی

بەئــەوی تــرەوە، ئەمــەش لــەناو نەسـکی بیرچــوونەوەدا خــۆی مەڵاســداوە "غــەریزەی مــردن هەوڵــدانێکی مرۆڤــە بــۆ گەڕانــەوە بــۆ حاڵــەتی پــێش کەینونــەیی، واتــە حاڵــەتی کەینونەیی بەبێی ئەویتر، واتە حاڵەتی نابابەتی[٨].

ئــەو مردنــەی غــەمبار باســی لێوەدەکـات تــەنها بــۆ ئەوەیــە لــەو رابــردووەی خــۆی رزگــاری بێــت، ئەمــە جگــە لــەوەی دەیــەوێت لەشــوێن کەبــەموڵکی خــۆی نازانێــت دوور بکەوبێتــەوە، ئــەوەتا هــەموو ئــەو شــتانەی ژیــانی ئــەو پێکــدەهێنن نــاتوانن دادی ئــەو دابــدەن و پێیوایــە کــەوا ( ژیــان لەنامــەو شــیعرێکی کورتــدا جێگــەی ئەبێتــەوە)، لەبەرئەوەیــە پێیوایــە مــردن جێگــەی هــەموو شــتەکانی تێــدا دەبێتــەوە، ئەگــەرنا ئەوەنــدە بەعەوداڵییــەوە بــەداوی نەدەکــەوت و لــەدووی گــۆڕێکی چــۆڵ بــۆ کــرێ نەدەگــەڕا، بــەڵام هەنــدێکجار شــاعیر دەیــەوێت لــەناو کایــەی شــیعریدا بــەدوای ماناکــانی بیرچــوونەوەدا بگــەڕێت، ئــەمیان بــۆ شــاعیرێکی بەئــەزموون ئاســانتر دەتوانێــت مامەڵــەی لەگەڵــدا بکــات، دەبێتــە هۆکــاری دامەزرانــدنی وتارێــك بــۆ تێگەیــشتن لــەمردن، ئــەویش لــەناو راســتای بیرچــوونەوەدا، کــە (لەبیرچــوونەوەی رابــردوو بریتییــە لــەجۆرێك لــەمردن، لەبەرئــەوەی مــردن بــەخۆی لەبیرچــوونەوەیە، مردووەکــان بــۆ جیهــانی ژێــرەوە دادەبــەزن، لەڕێگــە لــەکانی لەبرچــوونەوە دەخۆنــەوە، تــاکو بێیــادەوەری ژیــانی نــەمریی بەســەر بــەرن، یــان بــەبێ مێــژوو[٩]، بــەڵام غــەمبار جــارێکی تــر دێتــەوە ســەر ئــەوەی ئــەو لــەپێناوی ئــەوەدا دەمرێــت کــەبیری بــچێتەوە، ئــەو بــەدوای ئــەو چــرکەیەوەیە کەبــەدوای نامێژوویــەتی کارەکتــەری خۆیــدا بگــەڕێت، بــەڵام ئــەم حاڵەتــە وامانلێــدەکات جــارێکی تــر بپرســین ئەگــەر مــردن ئــەم هــەموو شــکۆیەی هەیــە لەبەرچــییە وا وابەســتەی ژیــانیین، ئایــا تــەنها غەریزەیــەکی دەروونییــەو هیــچی تــر، یــان پاڵنــەرەکانی ژیــان لەهــەموو فریوودەریــەکانی مــردن گــەورەترن، ئێمــە هەریەکــەمان وەك گلگــامێش برۆمیــسۆس بــەداوی نەمریــدا دەگــەڕێن، بــەڵام هــەرگیز نــاتوانین لــەو ئەفــسانەی نەمرییــە نزیــك بکەوینــەوە، لەبەرئەوەیــە مرۆڤــی مۆدێرنــە ئــەم خەونــەی بــەجۆرێکی تــر دارشــتووەتەوە، ئــەویش مــرۆڤ ئەگــەر بەنەخۆشــی یــان رووداو نــەبێت نامرێــت، ئــەم وەهمەیــە مەســەلەی تەمەندرێــژی ببێتــە مەســەلەیەك یــان دڵەڕاوکێیــەکی گــەورەی

کۆمــــەڵگای مرۆڤایــــەتی ئــــەمرۆ، ئـــەوەی لای ئـــەوان گرنگـــە خـــودی ژیانـــە نـــەك بابەتییــەتی ژیــان، واتــە ئــەوان بەهــەمان مامــەڵکردنی میتۆلۆژیایانــەی مــردن مامەڵــە لەگــەڵ میتۆلۆژیــای ژیــانی نــوێ دەکــەن، کەبەشــێك بــەم حاڵەتــە جــاران لەڕێگــەی وەعــزەوە ئەنجامــدەدرێت، بــەڵام ئێــستا لەڕێگــەی ریکــلامو ئاماژەکــانی نــاو وشــە، واتــە پێکهاتــەی ســەرەتای بــوون، ئــەمانیش پێیانوایــە ســەرەتا وشــە هــەبووە، کۆتــایش هــەر وشــە دەبێــت، وشــەش بــەبێ هــەبوونی مــرۆڤ دەبێتــە مــەحاڵ، لەبەرئەوەیــە پێویــستە لەســەر وشــە هەبوویــەتی نەمرانــەی ئــەو مــسۆگەر بکــات، وەك غــەمبار دەڵێــت ئــەم وشــانە لێــرە بەئەمانــەت نێــژراون، ئەگەرچــی شــاعیر وشــەی شــیعری لــەبری خــودی وشــە بــەکارهێناوە، شــیعریش جگــە لەنەســکێکی زمــانو زمانیش جگە لەدرکاندنی پیتو وشە شتێکی تر نییە.

دواجــار دەڵــێین مــردن لــەنائامادەیی ئەفــسانەدا دەبێــە سەرچــاوەی تــۆقین یــان تێکــەڵاوبوون بــەژیانێکی نامــاقوڵ، کەئێمــە مــەحکومین بــەوەی بــژین، بــەر لــەوەی مــەحکوم بــین بــەمردن، هــەموو چــەمکێك بــۆ مــردن بەپێویــست دەبێــت رۆشــنبیریانە بێــت، هــەر هەســتکردنێك بــەترس لــەمردن، بــەکاری بیرکردنــەوە قــوڵ نابێتــەوە، یــان بەوەگەڕخــستنی وزە ئەندێــشەکراوەکانی مــرۆڤ، کەبەهــــەموو هۆکــارو مەرجــەکانی هەڕەشەی مردن دەورە دراوە.

بــەپێی تێگەیــشتنی برینــۆ کاســت Bruno Castes مــردن دەبێــە بکــوژی پەیوەندییــەکی بــاش، کەپێــشتر بەکەســێکی تــرەوەی بەســتووینەتەوە، هــەروەها وەك ئــەبیکۆر دەڵێــت: ئەگــەر ئێمــە هــەبین مــردن نییــە، ئەگــەر مــردن هــەبوو ئێمــە نین[١٠].

هــەروەها ئــەبیکۆر بــەم شــێوەیە چارەســەری ئــەو مەســەلەیە دەکــات: مــادام نــاتوانین پێــشبینی ئاینــدە بکــەین، ئــەوا باشــترە بــۆ ئێمــە تەماشــای سەرچــاوەکانی شــادمانیو لــەزەتمان نەکــەین، ئــەوەی ئەمــە دەکــات بــەرەو رووی ئــەوە دەبێتــەوە کەئــەم خواســتەی بــۆ بەرجەســتە نــەکرێت، بــەم شــێوەیە لــەکاروانی ژیانــدا شکــستخواردوو دەبێــت، لەبەرئــەوەی ئــەوەی لەئاینــدەدا دەیخــوازین بــەرەو رووی هەڕەشەی هەمیشەییو گۆڕانو مردن دەبێتەوە.

لەبەرئەوە وازبهێنە بامردن ببێتە خاوەنی ئایندەو تۆش لەئێستادا بژی[11].

ئەوەنـدە مـاوە بڵـێین ئـەم دەقـەی جـەمال غـەمبار لەئاسـتێکدا گەڕانـە بـەناو یـادەوەری شـاعیردا، واتـە لـەدەرەوەی نەسـکی ئەفـسانیی مـردن نووسـراوە، واتـە ئـەو یـادەوەری بـۆ مـردن هەڵدەگـەڕێت نـەك ئـەوە بـۆ ئـەوەی مـردن ببێتـە هۆکـاری سـڕینەوەی یـادەوەریی، لەبەرئـەوەی شـاعیر ئەوەنـدەی یـادەورەیی تووشـی نەهامـەتیو ئـازاری دەکـات، ئەوەنـدە ئاینـدەبوون تووشـی ئـەم حاڵەتـەی ناکـات، ئـەو لـەنێوان بەرداشـی رابـدوو لەگـەڵ ئێـستادا تووشـی جۆرێـك لـەبێزاری بـووە، بـەڵام ئاینـدە لای ئـەو جگـە لـەگرتنی گۆڕێـك بـەکرێ چـیدی نییـە، هـەروەها ئـەو دەیـەوێت لەناو ئەو پێکهاتانەدا بمێنێتەوە کەخۆی دەیەوێت لەگەڵیاندا بژی.

هـەموو ئەمانـە وایکـرد هەڵوێـستە لەسـەر ئـەو چـەمکە بکـەم کەلـەناو پێکهاتـەی ئـەم دەقـەدا هـەبووە، راسـتە ئـەم قەسـیدەیە تـەنها سـتایش نییـە بـۆ مـردن، دەکرێـت لەچـەند لایـەنێکی تـرەوە خوێندنـەوەی بـۆ بکـەین، بـەڵام بـۆ ئـەوەی خوێندنەوەیـەکی باشمـان بـۆ مـردن هـەبێت، ئـەم دەقـەم وەك نمونەیـەك بـۆ لێکدانـەوەی ئـەو چـەمکە وەرگـرت، بـەم شـێوەیە مـن دەقەکـەم بـەدوای ئـەو پێداویـستیەی خۆمـدا راکێـشا نـەك ئـەوەی دەق وەك پێویـستییەکی هەمیـشەیی رەخنـەگر بـەدوای خۆیـدا رابکێـشێت، ئەمـە جگـە لـەوەی ئـەم دەقـەی جـەمال غـەمبار پێویـستی بەخوێندنـەوەی زیـاترو قـوڵتر هەیـە، بـەڵام ئـەوەی مـن کردوومـە تـەنها وەرگرتنـی ئـەم دەقەیـە بـۆ خوێندنـەوەی چـەمکی مـردن لـەناو کایـەی بیرکردنـەوەی مرۆڤـدا، کـەدەبوو ئەمـە بـۆ خـۆی لێکۆڵینەوەیـەکی جیـا بووایـە، واتـە لێکدانـەوەی مـردن بەتـەنها توێژینەوەیـەکی هـەم فەلـسەفی هـەم سۆسـیۆلۆژی بووایـە، بـەڵام ئـەم دەقـەی جـەمال غـەمبار ئـەو دەرفەتـەی بـۆ رەخـساندم، کـەبتوانم سـەرەتایەك لـەو نووسینە دەسپێبکەم.

تێبینـی: ئـەم دەقـە لەسـەر بنـەمای گـوێگرتن دامـەزراوە، نـەك ئـەوەی دەقێکـی نووسـراوم لەبەردەسـتدا بێـت، لەبەرئـەوە داوای لێبـووردن لەخوێنـەرو شـاعیریش دەکـەم، ئەگـەر وشـەیەکم بەهەڵـە گواسـتبێتەوە، ئـەوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، مـن

تـــەنها لـــەو دەقـــەی کـــەناڵی کوردســـات بڵاویکردووەتـــەوە ســـوودم وەرگرتـــووە، هیوادارام توانیبێتم لانیکەمی لێکدانەوەکەم جێگەی سەرنجتان بێت.

تێبینـــی: ئـــەم خوێندنەوەیـــە بـــۆ قەســـیدەی: نامبینیـــت چـــۆن پـــایز ئەبمـــەوە... نامبیسیت، چەند لەگۆرانییە بێڕەنگەکانی ئاو ئەچم.

پەراوێزەکان:

(١)قاموس ناثان الفلسفي، تأليف جيرار دوروزوي وأندريه روسيل. تعريب: أكرم أنطاكي. مراجعة: ديمتري أفييرينوس. موقع المعابر الالكترونی.

(٢)فلسفة خلود النفس عبدالرحمن بدوي.

(٣)مناحيم روث ميثولوجيات الموت ترجمة: محمد أسليم، موقع المترجم.

(٤)هەمان سەرچاوە.

(٥)المرض حتى الموت شروحات مسيحية — بسيكولوجية من أجل البناء و الإيقاظ كتبها: أنتي ـ كليماكوس.

(٦)هەمان سەرچاوە.

(٧)هەمان سەرچاوە.

(٨)الموت بين الأسطورة والفلسفة عبد السلام المُساوي، مجلة المواقف، على موقع محمد عابد الجابري. www.fikrwanakd.aljabriabed.net

(٩)هەمان سەرچاوە.

(١٠)هەمان سەرچاوە.

(١١)هەمان سەرچاوە.